OM OPPHOLDSTIDER, HENTE OG LEVERE,
SYKDOM OG FERIE I BARNEHAGEN
**KURDISK – SORANI**

# ماوەکانی دەوامی باخچەی منداڵان، بردن و هێنانی منداڵ بۆ باخچەی منداڵان، نەخۆشی و پشووەکانی باخچەی منداڵان



## ماوەکانی دەوامی باخچەی مناڵان

باخچەی مناڵان زۆربەی لە کاتژمێر 07.30 تا 16.30 کراوەیە. هەندێک لە باخچەکانی مناڵان بۆ ماوەیەکی درێژخایەنتر کراوەن. هەرباخچەی مناڵانێک ماوەی دەوامی خۆیان بە ئێوە رائەگەیێنن. ئێوە بۆ خۆتان بڕیار ئەدەن کە مناڵەکەتان بۆ چەند ماوە لە باخچەی مناڵان بێت.

باخچەی مناڵان زۆربەی جار پێش نیوەڕۆ ئەچن بۆ گەڕان یا کاتی گۆرانی ووتن، زمان و دەستەی یاری یا چالاکی تریان هەیە. ئەگەر بێتوو درەنگ بێن، باخچەی مناڵان ئاگادار بکەنەوە. فەرمانبەران لەم حاڵەتەدا ئەتوانن بڕیار بدەن کە چاوەڕوانی مناڵەکە بکەن یا ئەوە کە دەست بە چالاکیەکانی رۆژانە بکەن.

## بردن و هێنانی مناڵ بۆ باخچەی مناڵان

کاتی گەیشتن بە باخچەی مناڵان پەیوەندی بە فەرمانبەرانەوە بکە تا بتوانن بە باشی مناڵەکە وەربگرن. کاتی بردنەوەی مناڵیش لە باخچەی مناڵانەوە لەگەڵ فەرمانبەران قسە بکەن و کاتی جێهشتنی باخچەی مناڵانیش فەرمانبەران ئاگادار کەنەوە. ئەمە بۆ ئاسایش و ئاڵوگۆڕی زانیاری سەبارەت بە مناڵ گرینگە.

ئەگەر بێتوو کەسانی تر جگە لە دایکوباوکان بیانهەوێت مناڵ لە باخچەی مناڵانەوە بۆ ماڵ ببەرنەوە گرینگە کە باخچەی مناڵان لەمە ئاگادار بکرێتەوە. باخچەی مناڵان لەم حاڵەتەدا ئەتوانێت مناڵ بۆ ئەمە ئامادە بکات. باخچەی مناڵان بۆی نییە مناڵ بەبێ ڕێککەوتنی پێشوو ڕادەستی کەسێکی تر بکات هەرچەند کە مناڵەکە ئەم کەسەش بناسێتەوە.



© Trude Haugen







## مۆڵەت و پشووەکان

لە ساڵێکدا چوار هەفتە پارەی باغچەی مناڵان نادرێت. پێنج ڕۆژ لەم ماوەیە بۆ ڕۆژی پلان دانان تەرخان کراون کە مناڵان پشوویان هەیە. ئەو سێ حەوتووی ترلە ماوەی پشووی گشتی یە.

هەندێک لە باغچەکانی مناڵان لە تەواوی هاویندا کراوەن و هەندێکیشیان دوو تا سێ هەفتە دایدەخەن بە خۆی پشوودان. باغچەی مناڵان زۆربەی کات داوا لە دایکوباوکان ئەکەن کە لە کاتی پشووی هاوینی مناڵەکانیان ئاگاداریان کەنەوە. کاتێک کاتی پشووی مناڵ دیاریکرا مناڵ ئیتر ناتوانێت لەم ماوەیەدا بۆ باغچەی مناڵان بێت.

ئەگەر بێتوو مناڵ زیادتر لە هەفتەکانی تەرخان کراو بۆ پشوو بیهەوێت پشوو بدات ئەبێ باغچەی مناڵان سەبارەت بەمە ئاگادار بکەنەوە. باغچەکانی مناڵان لە پشووەکانی فەرمی و لە ١٧ مانگی مای(٥) داخروان. زۆرێک لە باغچەکانی مناڵان لە پەیوەندی لەگەڵ کرسیمەس، جەژنی پاک و پشووەکانی قووتابخانە لە پاییز و زستاندا داوا لە دایکوباوکان ئەکەن پێیان ڕابگەیێنن کە ئایا مناڵەکانیان لەم ماوانەدا لە باغچەی مناڵان پشوو وەرئەگرن. ئەوان لەم ڕێگەوە ئەیانهەوێت بزانن چەند مناڵ بۆ باغچەی مناڵان دێن تا بتوانن ژمارەی فەرمانبەرەکانیان بۆ ئەم ماوەیە دەستنیشان بکەن.

## نەخۆشی

ئەگەر بارووددۆخی گشتی مناڵ خراب بێت پێویستە مناڵ لە ماڵەوە بمێنێتەوە. بارووددۆخی گشتی خراب ئەتوانێ هیلاکی ناسرووشتی، دڵتێکچوون، بێحاڵی و لاواز بوونی ئیشتیای خواردن بێت. ئەو مناڵانەی کە ڕشاونەتەوەو سگچوونیان هەبوو بێت ئەبێ دوو ڕۆژ دوای نەمانی نیشانەکانی نەخۆشی ئەگەر بێتوو تاشیان نەبێت لە ماڵەوە بمێنەوە.

گرینگترین هۆکاری هێشتنەوەی مناڵ لە ماڵەوە ڕێگە گرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لە باغچەی مناڵانە. مناڵ هەروەها پێداویستی بە ئاگالێبوونی زۆرتر هەیەو باغچەی مناڵان توانایی ئەوەی نییە کە فەرمانبەرێک بۆ ئاگالێبوونی مناڵی نەخۆش تەرخان بکات.

به ئاگالێبوونی زۆرتر هەیەو باغچەی منالان توانایی ئەوەی نییە کە فەرمانبەرێک بۆ ئاگالێبوونی منالی نەخۆش تەرخان بکات.

ئێوە ئەبێ لە کاتی نەخۆش کەوتنی منالدا تەلەفۆن بۆ باغچەی منالان بکەن. ئەمە بە تایبەت گرینگە کاتێک کە منال تووشی نەخۆشییەک ئەبێت کە ئەتوانێت بۆ کەسانی تر بگوازرێتەوە.

## کەڵک وەرگرتن لە دەرمان

هەندێک جار منال بۆ باشبوونەوە لە نەخۆشی پێویستی بە دەرمان هەیە. لە بنەڕەتدا ئەمە ئەرکی دایکوباوکە کە بە پێی بڕیاری دوکتۆر، دەرمان بە شێوەیەکی دروست و لە کاتی خۆیدا بە منال بدەن. ناتوانرێت پێدانی دەرمان بە سەر باغچەی منالاندا بسەپێنرێت، بەلام ئێمە مەعمولەن لە دوای نەخۆشیدا لە پێدانی دەرمان بە منال هاوکاری ئەکەیین. سەبارەت بەمە ئەبێ لە گەل باغچەی منالاندا رێککەوتن بکرێت.

هەندێک لە منالان بە هۆی نەخۆشی درێژخایەن هەموو رۆژێک پێویستیان بە دەرمان هەیە. ئەگەر بێتوو باغچەی منالان لە پێدانی ئەم دەرمانانە هاوکاری منال بکات ئەبێ رێککەوتنێکی تایبەت بکرێت. لەم حالەتەدا فەرمانبەران ئەبێ لە پەیوەندی لەگەل چۆنیەتی پێدانی دەرمان فێرکاری پێداویست وەربگرن.


© Trude Haugen

BERGEN
KOMMUNE

Foto forside: © Asle Bentzen
Skipnes.no Svanemerket trykksak, 2041 0731